www.kurdistannet.org
13/07/2003 00:31

# بەبۆنەی هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقەوە

سالْح محەممەد ئەمین

ماوەیەك لەمەوبەر، پۆڵ برێمەر سەرۆكی دەستەڵاتی كاتی هاوپەیمانان لە عێراق، چەند دەزگایەكی هەڵوەشاندەوە، كە سوپا یەكێكیان بوو. ئەو سوپایەی لە دامزراندنییەوە تا ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی، سەركوتكردنی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی كورد بوتایبەتی ئەركێكی سەرەكی بووە. . .

سالْی ١٩٩٥، دوای ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی كولێژی سەربازی قەڵاچوالان، لە ژووری بەڕێز ڕاسگری ئەوكاتەی كۆلیژ، كاك "حەمید حاجی ئەحمەد" گوێمان بۆ هەندێ لە ڕوونكردنەوەكانی شلكردبوو. بە لێبوونەوەی پیرۆزبایی و دەستخۆشیكردن بەسەر ئەو برایەو مامۆستایانی كۆلیژەكەو دامەزرێنەرانیدا داباری. . نووسەری ئەم چەند دێڕەش ناچاربوو قسەیەك لەو ڕووەوە بكات، بە تایبەتی كە بە نوێنەرابەتی "ڕێكخراوی مافی مرۆڤ" بۆ ئاهەنگەكە بانگهێشتكرابوو. قسەكانم پێچەوانەی هەموو قسەكەرانی دانیشتنەكە كەوتەوە، چونكە بە چاوێكی دی لەو ئەركەم دەڕوانی، بەو چاوەی، كە ئەو سوپایەی دەیبووم بەچ جۆرێك پێشێلی مافی دانیشتوانی وڵاتەكەی خۆی كردبوو، بۆیە وەك ئەوان بەشانو باڵی كۆلیژەكەدا نەهاتم، وتم: ئەگەر دەرچوانی ئەم كۆلیژە بۆ ئەوەبێ كە سوپایەك، لە شێوەی سوپای عێراق پێكبێنن، ئەوا من نەك هەر پیرۆزبایی لێناكەم بەڵكو پڕبەدڵ حەز بە پێكهاتنیشی ناكەم. چونكە سوپای عێراقو تەنانەت سوپای زۆربەی وڵاتانی ناوچەكەش، نەك هەر ڕۆڵی سوپایان نەبینیوەو نابینن، كە پارێزگاریكردنی سنوور ئەركێكی سەرەكییەتی، بەڵكو ڕۆڵی سەرەكییان بۆتە دەزگایەكی سەركوتكەری وا كە بە ناهەموارترین شێوە دەستی لە دانیشتوانی وڵاتەكە وەشاندبێ، ئەویش نەك بەرامبەر بەوانەی كە خۆیان وتەنی "تێكدەر ـ مخرب"ن، بەڵكو بەرامبەر بە خەڵكی ئاسایی كردویانە. . .

ئێستا بە بۆنەی هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقو هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سوپایەكی نوێی شارستانی، سوپایەكی وا كە دەگمەن نەبێ لە ناو شارو شوێنە گشتییەكاندا نەبینرێن، حەزمكرد ئەم چەند نموونەیەی ڕەفتاری سەربازو ئەفسەرانی سوپای عێراق بەبیر خوێنەران بێنمەوە، ئەویش بەشێكی زۆركەمی ڕەفتارەكانیانە، بە هیوام لە دوارۆژێكی نزیكدا بتوانم هەمووی لە كتێبكدا كۆبكەمەوە. .

لێرەدا حەزدەكەم ئاماژە بە شتێك بكەم كە بكوژانی كورد هەمیشە، لەبری چارەسەری كێشەكەی هەوڵیانداوە بەهەرزانترین شێواز سەركوتیكەن، ئەوەتا :"لە كانونی دووەمی ١٩١٩دا هێزی ئاسمانی شایانەی بەریتانیا بۆردومانی كوردی كردووە، كە وەك زانراوە ئەوە بۆ یەكەمجاربووە شۆڕش بە بۆردومانكردن سەركوتبكرێت، پێدەچێ لە هێرشی پیادەیی سەربازیانە هەرزانتر كەوتبێتەوە. " [١] . فوئاد عارفیش لە بیرەوەرییەكانیدا دەڵێ: "كاتی دووەم ڕاپەڕینی شێخ مەحمود، فڕۆكە جەنگییەكانی بەریتانیا بەردەوام بۆردومانی سلێمانیان دەكرد، ئەمجارەیان بۆردوامانەكە بە ڕادەیەكی وا سەختبوو كە لە كۆتایی ئایاری ١٩٢٤دا ئینگلیزەكان هاتنە ناو سلێمانییەوە، تەنیا ٧٠٠ كەسی تیا مابوو، كە ئەوكات ژمارەی دانیشتوانەكەی خۆی لە ٢٠ هەزار كەس دەدا، ئەویش وەك لە دەقی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە كە میری بەریتانیا سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی عێراقی نێوان نیسانی ١٩٢٣ تا كۆتایی ١٩٢٤ پێشكەش بە كۆمەڵەی نەتەوەكانی كرد. " [٢] . وەك دەشزانین ٤٢ ساڵ دواتر، واتە لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١دا كە چەكدارانی كورد بە سادەترین چەكەوە، ڕەنگە تفەنگی "بڕنەو" گرنگترینیان بووبێ، لە هەر دوو دەربەندەكەی "بازیان" و "خان"دا خۆیان قایمكردو بەچەند داوایەكەوە ئەو ڕاپەڕینەیان ڕاگەیاند كە دواتر بە شۆڕشی ئەیلول ناوی دەركرد، بە فڕۆكەی مێگ وەڵامدرانەوە. (باسەكەی ئێمە لێرە بەدوا دەگرێتەوە) ئەو بۆردومانە بووە هۆی بڵاوەپێكردنی چەكداران و دروستبوونی مەفرەزەی كەم ژمارەو سەرەتا لە ناوچە سەختەكاندا خۆیان قایمكرد. گەلێك بۆچوونمان سەبارەت بە هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە بیستووە، هەر لەوەی كە گوایە كاردانەوەی ئاغاو دەرەبەگەكانی دژ بە بڕیاری چاككردنی كشتوكاڵ بووبێ بیگرە، تا دەگاتە پیلانی ئیمپریالیزم و دەوڵەتە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە. بێگومان من لە كاتێكدا ئەو هۆیانە ڕەتناكەمەوە، بەڵام پێشم وانییە هەر ئەوانە تاكە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێكی نەتەوەیی لەو جۆرە بووبن، چونكە گەر وابوایە ئەوا ئەمیش وەك هەندێك

www.kurdistannet.org
13/07/2003 00:31

لەو پەلەقاژانەی باشووری ئەو وولاتە (عێراق) دوای ماوەیەك كپ دەكرایەوەو دەیان ساڵ بەردەوام نە دەبوو. مانەوەی كێشەی نەتەوەیی كوردو چارەسەر نەكردنیو ئەو ناكۆكیانەی لە ناو دەستووری كاتی دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ و دووركەوتنەوە لە مەنتقی ووتووێژو بەگەڕخستنی سوپاو هێزە چەكدارەكان بۆ سەركوتكردنیو، ڕقی وولاتانی ناوچە لە دەستەڵاتەكەی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ و، گەلێك شتی دی كە لێرەدا شوێنی باسكردنیان نییە، زەمینە خۆشكەری شۆڕشەكەو بەردەوامی بوون. بەڵام فوئاد عارف كە كوردێكی دڵسۆزو دۆستێكی نزیكی دەستەڵاتدارانی ڕژێمە یەك لە دوایەكەكانی عێراق بووە لەو ڕووەوە شتێكی سەرنجڕاكێش باسدەكات: "بەرزانی گەڕایەوەو عێراقییەكان بە عەرەب و كوردیانەوە پێشوازییەكی وایانكرد كە پێشتر بۆهیچ سەركردەیەكی كوردی دی نەكرابێ" [٣] لە پەراوێزی پێنجەمی هەمان لاپەڕەشدا دەڵێ: "مێژوونووسی كورد ـ جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی (**كە ساڵی ٢٠٠١ لە بەغدا لەماڵی خۆیدا كوژراو تا ئێستا بكوژەكەی نەناسراوە ـ ساڵح**) ئەو كاتە لە مەندەلی بووە، بۆی گێڕامەوە، چونكە پێوەندی باشی بە ـ الحزب الوگنی الدیمقراگی ـ یەوە هەبووە، دوو هەفتە دوای گەڕانەوەی بەرزانی لە یەكێتی شۆرەوی، (حسێن جەمیل بانگیكردووە بۆ بەغداو پێیڕاگەیاندووە كە ـ كامل جادرچی ـ سەرۆكی حیزب، حەز دەكات بێدواكەوتن سەری بدات، كە چۆتە لای، جادرچی داوای لێكردووە بچێتە لای بەرزانیو پێیبڵێ با ڕادەیەك بۆ ئەو پێشوازییە گەرمانە دانێ كە ڕۆژانە بۆهەركوێ بچێت بۆی دەكرێت، بەتایبەتی لە ئوتێل ـ سەمیرامیس ـ كە لێی دابەزیوە، تا ئەوەی بەرامبەر ڕەشید عالی گەیلانی كرا لەگەڵ ئەمیشدا دووبارە نەبێتەوە، چونكە ئەویش دوای سەركەوتنی شۆڕش لە گەڕانەوەیدا بە گەرمی پێشوازیكرا، وەك ـ جادرچی ووتی ـ عەبدولكەریم قاسم لەو جۆرە كەسانە نییە كە بەرگەی ئەم شتانە بگرێ، ڕۆژبەیانیش بە بەرزانی ڕاگەیاندبوو. " [٤] ئەمجا فوئاد عارف لەسەر قسەكەی دەڕوات و دەڵێ: "چونكە من خۆم بە كێشەكەوە بەستبۆوەو بڕواشم پێیەتی، بۆ مێژوو دەڵێم، كە مەلامستەفاو پارتی دیموكراتی كوردستان نەیاندەویست شەڕبكەن، بەڵكو عەبدولكەریم قاسم تا كەس بە دەوری مەلامستەفاوە نەهێڵێ، پیلانی شەڕی دادەناو لەو باوەڕەشدا نەبوو كە شەڕەكە زۆر بخایەنێت. " [٥]

## لە كوردوستان سوپا شەڕی كێی دەكرد:

نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێی دوای جەنگە جیهانی یەكەم، چونكە ئەوەیان بەشێكی جیاوازی ئەم نووسینەیە دەبێ، بەڵكو حەز دەكەم ئەو بەشە بخەمە بەردەمی خوێنەرانی هەفتەنامەی "هاوڵاتی" كە لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٦١ ەوە دەستپێدەكات. . سەرەتای بەرپابوونی شۆڕش، بەشێك لە سەركردە سوپاییەكانی ئەو سەردەمە بە جۆرێك دەرزی سەربازەكانیان دادەدا كە كورد هەر هەموو یاخیو جوداخوازو ئاگر پەرست بن و نابێ دەستیان لێبپارێزرێ. ئەوكاتە ئەگەر چی "عەبدولكەریم قاسم" دروشمی ناحیزبایەتی سوپای بەرزكردبۆوە، بەڵام گەلێك ئەندامی زۆربەی لایەنەكان بە ئاشكرا حیزبایەتییان پێوە دیاربوو. ڕەوتە نەتەوەییەكانی عەرەب، كە وایان دەزانی: ". . . ئێمە تێگەیشتنمان بۆكورد وابوو كە ئەوان ڕەویان بۆسەر خاكی عەرەب كردبێ و هاتبن تا لە وولاتەكەیاندا میوانیان بن. . . " [٦] جا ئەگەر ئەوە بۆچوونی یەكێكیان بووبێ كە لەماوەی یەكەم دەستەڵاتی بەعسدا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی بەدەستەوە گرتبێ، ئیتر دەبێ ئەفسەرەكانیان چۆنچۆنی لەو مەسەلەیە گەیشتبن. هەر بۆیە ئەو سەردەمە پلەدارێكی سەربازیانەی ڕەوتە نەتەوەییە شۆڤێنییەكانی ئەو كاتە لەهەر شوێنێكی كوردستاندا بووبێت هیچ جیاوازییەكی لە نێوان چەكدارێكی كوردو ساوایەكیدا نەكردووە. "زەعیم سدیق و غانم میسباحی یاوەری لە ناوچەی سلێمانی و بەدرەدین عەلی لە ناوچەی هەولێر بە جۆرێك كەوتنە وێزەی دانیشتوانی بێچەكی ئەو دوو شارەو ناوچەكانی تری كودرستان كە ڕەنگە هەرگیز بیر نەچنەوە. . . " [٧] لەو سەردەمەدا كۆكوژی كورد لە سەر دەستی ئەمانەدا دەستی پێكرد. بەگەیشتنی ئەم سەركردە سەربازیانە بۆ ناوچە جۆربەجۆرەكانی كوردستان كەوتنە سوكایەتی بە دانیشتوانی شارو شارۆچكەو گوندنشینەكانی ژێر دەستەڵاتەكەیان.

ساڵی ١٩٦٢، لە سەر شەقامی نێوان عەربەت و دەربەندیخان زیلێکی سەربازی دەکەوێتە بۆسەیەکی پێشمەرگەوە، زیلەکە دەسووتێنرێ و چەند سەربازێکی سەرنشینیشی دەکوژرێن و بریندار دەبن. لە تۆڵەی ئەوەدا، زەعیم سدیق بە خۆیو هێزێکەوە هەڵدەکوتێتە سەر گوندی "سێدارە"، کە نزیکترین گوند بووە لە شوێن ڕووداوەکەو، لە کاتێکدا ئەو پیاوانەی لە گوندەکە بوون، مەلاکەیان بە قورئانێکەوە پێش خۆیان دەدەن و دەچن بە پیر هێزەکەوە تا بێتاوانی خۆیان ڕابگەیەنن، زەعیم سدیق نەك هەر ڕێز بۆ قورئانەکە دانانێ، بەڵکو هەر ١٨ پیاوە سڤیلەکە ڕیز دەکات و، لەبری زیلو سەربازە کوژراوەکانی خۆیان گوللەبارانیان دەکات. (کاك محەممد سدیق) کە ئەوکاتە لە دەربەندیخان کاریکردووەو، ئێستا لە هۆڵندا دەژی، بۆی باسکردم "بەهۆی چەند پیاو چاکێکی شارەکەوە ٣ سەعات مۆڵەتیان لە سەربازگاکەی دەربەندیخان وەرگرتووە تا پچن تەرمەکان بشارنەوەو، ئەوان هەر ١٨ کەسەکەیان شاردۆتەوە، ئەویش بێشتن و کفنکردن و، هەر بەجل و بەرگی خۆشیانەوەو لە گۆڕێکی بە کۆمەڵیان ناون، چونکە بواریان نەداون لەو ماوە کەمە زیاتر لە شوێنەکەدا بمێننەوە. سەربازەکان هەر بەکوشتنی ئەو ١٨ کەسە وازیان نەهێناوەو، ئاگریشیان لە گوندەکە بەرداوە. " هەر بەپێی قسەی ئەو برایە کە سەربازەکان گەڕاونەتەوەو بۆ سوکایەتیکردن بە خەڵکەکە، بە کوردییەکی شەق وشڕ ووتویانە (شقارتە . ئاگر. . .) واتە ئاگریان لە گوندەکە بەرداوە. کاك محەممەد لەسەر قسەکەی بەردەوام دەبێو دەڵێ: "هەندێك لەوانەی زوو فریا کەوتبوونو هەڵاتبوون بە برینداری دەرباز ببوون". (نەسرەدین هەورامی) یش، کە ئێستا لە هۆڵندا دەژی، ئەوکاتە لە بەغداوە لەگەڵ ئەو قافڵەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بەسەر کارەساتەکەدا چووەو بۆ خۆی لاشەکانی دیوە. نووسەری ئەم چەند دێڕەش کارەساتەکەی چاك لە بیرە. سەبارەت بە سووتاندنی قەزای چوارتای سەر بە پارێزگای سلێمانیش، کاك محەممەد سادق لەو دانیشتنەدا ووتی: "هاشم عەبدولجەبار" [٨] کە لە دەربەندیخان بەرپرسی سەربازی بوو، پێوەندی بە کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری دەربەندیخانەوە باش بووەو، گەلێ جار زۆر شتی لا دەدرکاندن. سەبارەت بە سووتاندنی چوارتا ووتویەتی "کە زەعیم عەبدولکەریم قاسم برووسکەی نەسووتاندنی چوارتای نارد، هێشتا هێزە سەربازییەکان لە چوارتا نزیك نەببوونەوە، کەچی زەعیم سدیق وەڵامی بروسکەکەی وا دابۆوە کە تازە لە دەستچووەو سووتێنراوە، ئەمجا پاشتر سووتانی". ئەوە ڕەفتاری هەندێك لە ئەفسەرە نەتەوەییەکانی ناو سوپای عێراق بوو، کە لەو سەردەمەدا کوردیان بە میوان دادەناو، دەیانویست نەیانهێڵن.

هەرچەندە شەڕ ماڵوێرانی لە دوایەو لە هەموو ڕۆژگارێکدا دانیشتوانی ناوچەی شەڕ تووشی دەیان چەرمەسەریو ناخۆشی دێن، چونکە شەڕ ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شەڕی نزیکە ساڵ و نیوەی ماوەی دەستەڵاتداریێتی عەبدولکەریم قاسم و دواتریدا هەیە. تەنانەت ئەو بەرپرسانەی دواتر کە ئێستا بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە دان بەوەدا دەنێن "پێموایە عەبدولکەریم قاسم دڵگرانانە شەڕی کوردی دەکرد. . " [٩] من بۆخۆم شایەتحاڵی چەند شتێکم کە دەکرێ بۆ مێژوو لێرەدا باسبکرێنو بە نموونە بهێنرێتەوە. ئەندامی تیپی وەرزشی ئاسۆی سلێمانی بووم، کە لە گەڕەکی کانێسکان دامەزراو، یاریگاکەشمان لەپاڵ "حامیەی سەربازی" شاردابوو، کە ئەوکاتە "دەشتی تەیارەخانەی" پێدەوترا. ئێوارەیەکیان لەگەرمەی یاری نێوان خۆماندا، یەکێك لەو سەربازانەی بۆ سەیرکردن بە دەورمانەوە بوون هاتە ناومان و خۆی لە یارییەکەمان هەڵقورتاند، ئێمەش یەك دوو جار بەخۆشی داوامان لێکرد یارییەکەمان لێتێك نەدا، سوودی نەبوو، بەربووینە گیانی، سەربازەکانی برادەری بێئەوەی لەسەری هەڵبدەنێ، لە بندەستماندا دەریان هێنا. بەڵام بە هاتنی زەعیم سدیق مستەفا بارەکە تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕراو، ئیتر نەك سەربازێك بێت یارییەکەمان لێتێکدا بەڵکو هەر ڕێی چوونە ناو دەشتی تەیارەخانەشیان لێگرتین. سەربازی چەکدارو مرمۆچی واشیان ڕژانە سەر شەقامەکان، تا داگیرکەرئاسا داوای پێناسە لە هامشۆکەران بکەن و هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ دانیشتوانەکەدا بکەن. لەو سەردەمەدا دوو برادەرمان کە گەیشتنە لامان، پەستیو دڵتەنگیان لێدەباری، ئەنجام زانیمان، دوای داواکردنی پێناسە شەقازلەیەکیان لە "کەمال ڕەوئوف"ی جوانەمەرگداوەو "عومەری سۆفی" خاڵیشی " کە خۆی بۆ شەقازلەیەکی لەو جۆرە ئامادە کردووە یەك شەقیان لە کەڵکە ئەژنۆی سرەواندووە. زەعیم سدیق داوای لە فەرمانبەرو مامۆستایانکرد بروسکەی ناڕەزایی دژی شۆڕشی کوردو سەرۆکەکەی لێدەن و دەستخۆشکەریش لە سەرۆکی ووڵات

بكەن، ئەگەرچی پارتی ئەوكاتە ڕێی ئیمزاكردنی لە ئەندامەكانی خۆی نەگرت، بەڵام واش هەندێكیان نەیانكرد، ئەوەی فرمانەكەی جێبەجێنەكردو بەردەستكەوت بە جۆرێكی وا ئازارو ئەشكەنجەدرا كە پێشتر نەكرابێ، تەنانەت "فائیز الزوبەیدی" مامۆستای دواناوەندی سلێمانی "عەرەب"یەتییەكەی فریای نەكەوت و حسابی شویعیتییەكەی و هەڵوێستی ئەو ڕۆژەیان بۆ كردو شلكوتی عەمریانكردو دوای ماوەیەك بەندكردن بە دەستێكی شكاوەوە بەردرا. ئای لەو ڕۆژانەی كە سوپا لە شالاوێكیدا تێكبشكایە، ئیتر كورد ووتەنی "بەكەر ناوێرێو بە كورتان ڕەپەڕەپێتی" هەر كە سوپای تێكشكاو دەگەڕایەوە، دەكەوتنە گیانی دانیشتوانی شارەكان و تۆڵەی لوتشكاوی خۆیانیان لە خەڵكە بێدەستەڵاتەكە دەكردەوە، تەنانەت گوللەپڕێنی خەڵكیشیان دەكرد. ئەوە حاڵی دانیشتوانی ئەو شارە بوو بەدەست زەعیم سدیقی ئامیر لیوای بیستەوە، كە بە دڕندەترین لیوای سەربازی ئەوكاتە دادەنرا. وشەیەك لەو سەردەمەدا داهات و بەسەر دەمی سەرجەم دانیشتوانەوە بوو، ئەویش (قلێشایەوە) ، كە مەبەست لە قلێشانەوەی زەوی و هەڵلووشینی هەر كەسێكە كە بەزووترین كات فریای خۆی نەكەوێت و، لەدەست ئەو دڕندانە هەڵنەیەت، كە لەبەر هۆیەك‌و، لەبری جێبەجێكەری كارێكی پێشمەرگانە، یان ئەو هێزانەی لە لوتیان دابوون، لەوان بەردەبوون.

---

(١) دوای ئەم هەموو زانیاریانە لێبوردنی چی _ كوردستان _ یان "كلۆڵی نەتەوەیەك" نووسینی "ڕانداڵ" وەرگێڕانی بۆ كوردی د. خەسرەو شاڵی چاپی یەكەم ٢٠٠١ لاپەڕە٣

(٢) مذكرات فوءاد عارف الجزء الأول تقديم تعليق الدكتور كمال مظهر أحمد مطبعة خەبات دهوك ١٩٩٩_پەراوێزی لاپەڕە ٢٣

(٣) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٣٢

(٤) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٥) هەمان سەرچاوە لا ٢٣٥

(٦) مەسەلەی كورد لە خواروی كوردستان لە یادداشتەكانی . تالیب شەبیب . دا، باسكار ژمارە ٣ هاوینی ١٩٩٩ لاپەڕە ٢٨

(٧) مەسەلەی كورد لە خواروی كوردستان لە یادداشتەكانی . تالیب شەبیب . دا، باسكار ژمارە ٣ هاوینی ١٩٩٩ لاپەڕە ٥٦

(٨) ئەفسەرێكی سەر بە شویعییەكان بووە

(٩) مەسەلەی كورد لە خواروی كوردستان لە یادداشتەكانی . تالیب شەبیب . دا، باسكار ژمارە ٣ هاوینی ١٩٩٩ لاپەڕە ٤١

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.